**سەبارەت بە بڵاوكراوەی ڕۆژی 2006/9/28 گروپی ناڕازی ئەم ڕاستیانە دەخەینە ڕوو. ... ڕێكخراوی هونەرمەندانی كوردستان**

1. ئەو خاڵەی كە گوایە سەرۆكی ڕێكخراوەكە لەگەڵ پۆلیس وئاسایشدا ڕێی لی گرتوون بێنە ناو بارەگاكەوە ئێمە ئەم ڕاستیانە دەخەینە ڕوو كە هەمووی بە ڤیدیۆ تۆمار كراوە وە بەر لەهەموو شتێك ئەندامانی ئەنجومەنی باڵای ڕێكخراوە نوی یەكە لەوی بوون، ئەو گروپە كە گەیشتنە بەر بارەگای ڕێكخراوەكە داوامان لی كردن كە (5) كەسیان وەك نوێنەر بێنە ژورەوە گەر یاداشتنامەیەكیشیان هەبی با قسەی لەسەر بكەین، فعلا هاتنە ناوەوە دواتر وەستان ووتیان با هەمویان بێنە ژورەوە... ئێمە دوو پرسیارمان لێكردن سەبارەت بە بڵاوكراوەی 2006/9/24 وەداوای وەڵاممان لی كردن چونكە ئەوان ڕۆژی 2006/9/24 بڵاوكراوەیەكیان بڵاوكردوەتەوە بە ناوی (24) كەسەوە دەڵێن ئێمە پەیوەندیمان بە یەكێتی هونەرمەندانی كوردستانی گەندەڵ پچڕاند، دواتریش ئەوەیان ڕاگەیاندوە كە دەچنە ناو بارەگاكەوە مانی تێدا ئەگرن و ناچنە دەرەوە، سەرەتا ئەیانوت ئەوە ڕای ئێمە نیە میدیاكان بڵاویان كردوەتەوە ووتمان ناوی ئێوەی پێوەیە... ؟ ووتیان هی ئێمە نیە دواتر پرسمان كرد ئێوە خۆتان بە ئەندامی ئەم ڕێكخراوە نوێ یە دەزانن گەر وایە فەرموون وەرنە ژورەوە بەهیچ جۆرێك نەیانوت بەڵی... دووبارە پرسمان كرد هاتوون بۆ گفت وگۆ یان مان گرتن لەناو بارەگاكەدا دیسانەوە وەڵامیان نەبو... خۆیان واتە ئەو (5) كەسە بەویست و ئارەزوی خۆیان چونە دەرەوە ئێمە داوامان لی نەكردوون بچنە دەرەوەو پۆلیس وئاسایش بەهیچ جۆرێك تدخلی نەكردووە، دورە پەرێزبوون.
2. وەك لە هەمووان ئاشكرایە هەر مانگرتن وخۆپیشاندانێك لە كوردستان مۆڵەتی یاسایی وەرگرتبی لە حكومەت پۆلیس وئاسایش دەنێردرێت بۆ پاراستن وئارامی.. ئەمە یەكەم جاریش نی یە.
3. پۆلیس وئاسایش هیچ ڕەفتارێكی نادروستیان بەرامبەر نەكردون ئەوەتا هەر خۆیان لە كۆتایی بڵاوكراوەكەیاندا دەڵێن (سوپاسیش بۆ برایانی پۆلیس وئاسایش) .
4. لە بڵاوكراوەكەیاندا دەڵێن تا ساتی نوسینی ئەم یاداشتە (323) ئیمزا كۆكراوەتەوە گوایە لەگەڵ پشتگیری شارەكانی تر... ئێمە هەر ئەوەندە دەڵێین بۆ سەلماندنی ڕاستی قسەكانیان با بفەرموون ناوی ئەو هونەرمەندانە بڵاو بكەنەوە لەگەڵ شوێن وپسپۆرێكانیاندا...

ڕێكخراوی هونەرمەندانی كوردستان
2006/10/2